# له یادەوەری کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا

ڕۆژی هەینی 2007/3/16 فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی لە شاری نۆتتینگهام هەستا بە سازدانی ڕۆژێکی یادکردنەوە لە مەڵبەندی پەنابەران لە نۆتینگهام. ئەم ڕۆژە بە نیشاندانی پێشانگایەکی فۆتۆگرافی دۆکیومێنتی و هونەری دەربارەی تراژیدیای کیمیابارانی شاری هەڵەبجە کە بەدەستی چەند کەسێکی پەنابەرو بیانی نەخشێنرابوون، چەند کارێکی پۆستەر لەگەڵ دوو پارچە مۆسیقا لەلایەن هونەرمەند داراوە دەستی پێکرد. پاشان کۆبوونەوەیەکی گفتوگۆکردن بەڕێوە چوو، جاسم غفور قسەی لەسەر هۆکارەکانی ئەو تاوانە دژە مرۆڤایەتیە کرد کە بەبەرچاوی میدیای جیهانیەوە لەلایەن حکومەتی دیکتاتۆرو فاشیستی بەعسەوە دژی دانیشیوانی شاری هەڵەبجە ئەنجامدرا و تیایدا هەزاران ژن و مناڵ، گەنج و پیر لەنێو دوکەڵی چەندین گازی کۆمەڵکوژو خنکێنەردا گیانیان لەدەست داو هەزارانیش برینداربوون. لە گفوگۆکەدا چەندین کەس بۆچوون و بیرەوەری خۆیان لە تراژیدیای هەڵەبجە دەربڕی و وەحشیگەری ڕژێمی بەعس بەهاوکاری وولاتانی سەرمایەدای ڕۆژئاواو ئەمریکا بۆ ڕژێمی سەدامیان ڕوونکردەوە و گفتوگۆیان لەسەر هەلومەرجی خراپ و نا شایستەی ئێستای ئەوشارەیان لە سایەی حکومەتی هەرێمدا کرد. شایانی باسە لەو کۆبوونەوەیەدا چەند کەسێکی بیانی بەشداریان کردو هاوسۆزی خۆیان بۆ خەڵکی هەڵەبجە و دژایەتیان بۆ توانبارانی ئەو تراژیدیایە دەربڕی.

.



وێنەی کیمیابارانی هەڵەبجە



# پۆسته ر




## کاری هونه ری په نابه ران و خه لکی بیانی

